کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-1-2007 19:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## به تایبەتی. . بۆ سەرۆک بارزانی ... چنار کەمال - (بەشی دووەم)

گەورەم هەموو ئەو پەتا خەتەرناکانەی ئەمڕۆکە لەنێوەندی دەزگاکانی حزبدا بڵاو بوونەتەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی خۆیان هەیە بەسەر ئەو ژیانە پڕ لە مەرگە ساتەی کە خەڵکی تێیدا دەژیت، چارە سەر کردنەکەش بە کردنەوەی لقی زێترو زۆربوونی ڕێکخراوە حزبییەکان نیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرە سەندن دان، بەڵکو لە بڕیاردانە لە سەر وەستان لە ڕووی ئەو دیاردە خەتەرناکانە، کە ڕەنگە ئەگەر چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوە دووچاری ئیفلیج بوونمان دەکات، ئەو ئیفلیج بوونەش خەریکە نیشانەکانی لە سەرەوە دەست پی دەکات، بێگومان بەڕێزتان ئاگاتان لە و حاڵەتە پڕ لە شپرزەیی و ناهەمەوارە هەیە کە لە سەرکردایەتی حزبدا هەیە، ئەوەتا هەندی لە ئەندامانی مەکتەب، تووشی نەخۆشی هاتوون و تەنیا هەر ناویان ماوە، ناویان هەیەو ڕەنگیان دیار نیە، بەشێکی دیکەیان لە حزب ڕەنجاون و لە ماڵدا دانیشتوون، ژمارەیەکی دیکە بە وەرگرتنی مەسئولیەتی باڵا نەبێت ڕازی نابن، بۆیە گۆشە گیرن و خۆیان دوورە پەرێز ڕاگرتووە، ئەوانەش کە ماونەتەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانیش لەو زەمەنەی ئەمڕۆکەی دنیای ململانێی سیاسیدا بەرگەی ئەو بەرپرسیاریەتیە سیاسییە قورسانە ناگرن، چونکە ڕوداوە گەرم و گوڕە چارەنووسسازییەکانی ئەمڕۆکە، بە کۆبوونەوە لە سنووری چوار دیوارو قسە بە با کردن و کات بە سەر بردن بە خواردنەوەی چاو قاوە ناچێتە سەر، بۆیە بیرکردنەوە لەبەستنی کۆنگرەیەك ڕەنگە زۆر لەو بۆشاییە نائەکتیفانەی ئەمڕۆکە پڕکاتەوە بۆ گۆڕینی خوێنی مەییوی حزب و پشت بەستن بە کەسانی لێهاتووی دڵسۆز، چونکە لە ڕۆژی ئەمڕۆکەدا ئەوەندە بەس نیە کە تەنها بە پێوەری خەباتی ڕابووردوو ئەو کەسانە هەڵبژێرین بۆ مەسئولییەتی حزبی، ڕاستە ئەو خەباتگێڕانە بۆ ویژدانی نەتەوەیی خۆیان خەباتی دوورو درێژیان کردووە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، دەکری ڕێزیان لی بگیرێت، بەڵام ئەوانیش دەبی ئەو واقیعە چاك بزانن کە هەر لە پێودانگی ماندووبوونی ئەواندا کەسانی دڵسۆزو کارامەو هوشیار دروست بوونەکە بۆ ئەوە بشێن ئەو بۆشاییانەیان پی پڕ بکرێتەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆکەشدا ناکرێت پارتی بە حزبی پیران ناو زەد بکرێت، نموونەی وەك مەسرور بارزانی بەڵگەی ئەوە دەدەنە دەست کە هاتنە پێشەوەی ئەو کادیرە هوشیارو گەنجانە، بەو ئەقڵیەتە نوێیەی تێگەیشتن لە دنیای سیاسەت و ململانێی ئەمڕۆکە، چەند کاریگەرییان هەیە بەسەر ڕەوتی حزب و ئایندەی حزب، ڕاستە ئەو ڕەهەندە لە نێوەندی لق و ناوچەکاندا لە و چەند ساڵەی دواییداتا ڕاددەیەك خەریکە سەر هەڵدەدات، بەڵام پێویستە ئەو بۆچوونە ڕاست و دروستە سەرکردایەتیش بگرێتەوە، چونکە دەرکەوت کە ئەزموونێکی سەرکەوتووە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا دەبێت دەزگا ئەمنییەکانی حزب سانسۆری وردترو ئەکتیف تر بخەنە سەر دام و دەزگاکانی حزب بۆ ئەوەی (چاوی حزب) دوور نەبێت لە خروقاتەکانیا ن، هەر کاتێکیش دەرکەوت کە هەندی لە وان شایەستەی ئەو بڕوا پێدانە نین کە حزب پێیان دەبەخشێت، دەبی نەرمی لە گەڵیاندا نەنوێندرێت و سازش لە سەر لێدانی ماڵی میللەت و بەرژەوەندییەکانی حزب نەکرێت، بۆیە ئەو حاڵەتە نامۆیانەی کە ئەمڕۆ لە زۆر لە دام و دەزگا حزبیەکاندا دەبیندرێت دوو بۆچوون دەبەخشن، یا ئەوەتە دەزگا ئەمنییەکانی حزب لاوازن و ئاگایان لە زۆر لە و خروقاتانە نیە (ئەمەش ئەگەر وابێت مایەی نیگەرانیە) یان ئەوەتە حزب پێیان دەزانی و چاو پۆشییان لێدەکات، ئەمەشیان هەم دیسان ئەگەر وابێت مایەی هەناسە ساردییە، چونکە چاو پۆشین لەو خروقاتانە دەبێتە هاندەر بۆ تەشەنە سەندنی دیاردەکەو ئیستفزاز بوونی خەڵك، (وەك ئێستا لە دام و دەزگاکانی حکومەت دا هەیە) یاخود دەبێتە مایەی دەرگا کردنەوە بۆ قسەو گازندەی خەڵك و ناڕەزایی دەربڕین،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كە دیارە كەسێكی نا مەسئولی حزبی دەبێتە سەبەب كار بۆ لەكەدار كردنی حزبێك و دڵشكاندنی كادیرو لایەنگیرانی ئەو حزبە.
دەبێت ئێوە لە گەڵ كادیرانی خۆتاندا توندتر بن، نەك چاو پۆشی لە تەجاوزاتە ناشەرعییەكانییان بكەن، ناشكرێت میللەت فەرامۆش بكرێت و تەنها لە رۆژانی هەڵبژاردندا پەنایان بۆ ببەن دەنگتان بدەنی، هەر كاتێكیش ئیشتان پێیان نەما پشتیان تی بكەن و دەرگایان بە روودا دابخەن ئەو مافەیان لی زەوت بكەن كە داوای مافی رەوای خۆیان بكەن، یا لە روانگەی یەك چارەنووسییەوە ئازادانە رای خۆیان دەربڕن، ئەگەر واتان كرد سبەینی لە كاتی هەڵبژادندا تۆڵەتان لی دەكەنەوە، بنكەكانی هەڵبژاردن بە چۆڵو هۆڵی دەبینین، وەك لە كاتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئێراقدا رووی، بەڵام بە داخەوە ئێمە گوێمان لەو زەنگە خەتەرناكانە نیە كە گەل بۆمانی لی دەدات، تا ئەو كاتەی رق و ژانییان لە سەری دەرژیو بۆخۆیان بریاری خۆیان دەدەن.
گەورەم: ئێوە كە بە درێژایی تەمەنی خۆتان و خانەوادە گەورەكەتان لە پێناو بەرگری كردن لەو گەلەو لەو خاكە قوربانیتان داوە، سەنگەری گەل بەرمەدەن و ئەو دەرفەتە مەدەنە كەسانی مشەخۆر كە پەیامی پیرۆزی بارزانی نەمر بۆبەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە، ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام ئەمرم دەكرد لیستێكم بە سەروەت و سامانی بەرپرسە حزبییەكان پی ببەخشن، (هەر بۆ مەعلومات) هەرچەندە ئەوان پێش ئەوەی تا بیانگری بەریان بە خۆیان داداوەو ئەو سەروەت و سامانەو موڵك و كۆمپانیایانەیان بە ناوی كەسانی نزیك لە خۆیان كردووە، ئەو كات دڵنییام دەگەیشتیتە زۆر ئەنجام و دەتزانی ئەو خەڵكە چەند مەزلوومەو چەند ئەنفالچی ئەمرۆكە ئەنفالی سەرو ماڵی ئەو گەلە دەكەن لە پەنای بەرێزتان و لە پەنای ئەو حزبە!!
ماویەتی..

chnarjamal@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.